# دوعای مەرگم بۆ بکەن



**هێرۆ محەمەد زەگەنە**

ئەو کاتانەی کە ناوچەکانی گەرمیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، یەکێك لەو کەسانەی بەر ئەو کارەساتە دڕندانەیە کەوت باوکی من بوو، بەڵام هەزار خۆزگە ئەخوازم ئەو کاتەی باوکم مرد، ئەنفال منیشی لەگەڵ خۆیدا بڕفاندایەو بمردمایە.

لە دوای باوکم من وخوشکێکم وسێ برام و دایکم ماینەوە، ئیتر حاڵمان زۆر خراپ بوو، باری ئابوریمان لە وێران بوون دابوو، دایکم بەئیشی (گسك فرۆشتن ودرەو کردن وگوڵەچنەکردن) ئێمەی گەورە کرد، لەوحاڵەش دا کاتێك کچ گەورە ئەبێت ئیتر بۆ نەگبەتی وسەختی ژیان گەورە ئەبێت، بەتایبەت لە خێزانێکی وەکو ئێمەدا کە کارەساتی ئەنفال باوکی لێسەندینەوە.

ئێمە لە نێو ئەو ژیانەدا بوین خوشکە گەورەکەم درا بە شوو.. وە هەر لەو کاتانەشدا کچێك بۆ براکەم دانرابوو تا زەواجی لەگەڵ بکات، بەڵام پاش چەند ساڵێك پەشیمان بویەوەو شووی پێنەکرد.

من لەو سەرو بەندەوە دوای مردنی باوکم بوم بە بەدبەخترین کچی ئەو ماڵە وخەم بوە هاوڕێی ژیانم.

ئەو کاتانەی خەریك بوو گەورە ئەبووم بەزۆری خزمەکانم کە هەڕەشەی کوشتنیان لێئەکردم درام بە ئامۆزایەکم، بەبێ ویست وڕەزامەندی خۆم، براکانم ئەو کات زۆر بچوك بوون، ئەو ڕۆژەم قەت لەیاد ناچێت کە براکانم ئامۆزاکەمیان دایە بەر بەرد، چونکە بە فرمێسکەکانی چاومدا زانیان کە من ناڕازیم وئەوم خۆش ناوێت.

ژیانمان هەر بەم شێوە ناخۆشە ئەگوزەرا تا پاش چەند ساڵێك دوای ئەم ڕوداوە بەهۆی کارەساتێکی دڵتەزێنەوە دایکم گیانی لە دەستداو بۆ یەکجاری ئەویش جێی هێشتین وخەماکانیش زیاترو زیاتر بوون.

ئەو کەسەی کە دوای دایکی ئازیزم پەنام بۆ برد براکەم بوو، سا بەڵکوو پەناگەیەك بێت بۆ ڕزگاریم، بەڵام ئاخ هەزاران جار ئاخ لەبەدبەختی وچارە ڕشی من، براکەمیش هێندە خەفەتی خوارد تا لە ئەنجامدا توشی نەخۆشی بوو، پاش ماوەیەك مانەوەی لە نەخۆشخانە سلێمانی گیانی لە دەستدا.

ئیتر لێرەوە خەمەکان زیاتر هێرشیان بۆ هێنام وئەبوایە من بەتەنها باجی هەموو نادادیەکانم بدایەو هەر من ژنێکی بەدبەخت بەتەنها خەمم لە کۆڵ بنایە.

پاش مردنی براکەم ومامەڵەی خراپی مێردەکەم واتە (ئامۆزاکەم) توشی نەخۆشی دەرونی هاتم، لێرەوە مێردەکەم چەند جارێك دەری کردم، قەت ئەو ڕۆژەم بیر ناچێت کەدەرکرام ومنداڵە بچوکەکەم لە ناوکۆڵانەکەدا بوو بەدوو چاوە ناسکەکەی دەگریا، بەڵام نەمتوانی بیبەم لە گەڵ خۆمدا.

پاش جەند جار تۆران وخراپتر بوونی باری دەرونیم مێردەکەم بڕیاری دا ژن بهێنێت، من زۆر بەئاسانی ئەمەم قبوڵ کرد، چونکە ئەو زۆر دەمێك بوو ویستی لەسەر کچێکی خزمان هەبوو، منیش پێم وابوو ئەو کچە بهێنێت مامەڵەی باش ئەبێت لەگەڵماو منیش حاڵم باش ئەبێت، بەڵام هەمووی خەیاڵ بوو.

دوای هێنانی ئەو کچەش مامەڵەی خراپتر بوو لە گەڵمدا ، نان وشەقی پێکەوە دەرخوارد ئەدام، هەموو منالەکانیان لێکردبووم بەئاگرو منیان وەکو خزمەتکارێکی خۆیان لەو ماڵەدا بەکار ئەهێنا ومانگانە تەنها(٦) شەش هەزاری ئەم پارە تازەیان پێئەدام.

ئەم ژیانە هەندێك لە ئینسانەکان ئەکاتە خائین ودڕندەو ژنێکی داماوی وەکو منیش بێکەس وبە تەنها خاڵی ئەکات لە ماناکانی خۆی..گەر باوکم لە کارەساتی ئەنفالدا نەمردایە کێ دەڵێت ئێستا ژیانم ئاوا خراپ ئەبوو.

ڕۆژ بەڕۆژ ژیانی من ئەبویە دۆزەخ، مێردەکەم دوو جار تەلاقی دام ودوایی چاکی کردەوە، کەچی پاش بەردەوام بوونی لەسەر مامەڵە خراپەکانی، ئەوە بۆ ماوەی سێ مانگە بەیەکجاری تەلاقی داوم و لە ماڵی براکەمم.

ئێستا منیش ئەمەوێت شکاتی لێبکەم بەڵام براکەم ناهێڵێت، چونکە پێی وایە لەبەر ئەوەی ئامۆزامانە عەیبە ومایەی شەرمەزاریە بۆمان لەنێو خەڵکیدا.

ئێستا منیش وێنەی ژنێکی هیلاك وماندوو لە دەست تاڵیەکانی ژیان، بەقرچەی جەرگی خۆمەوە ئەسوتێم وهەموو ئاواتێکم ئەوەیە گەر بۆ تەنها جارێکیش بێت منداڵەکانم ببینم وجارێکی تر لە ئامێزیان بگرمەوە.

ئێستاش لە دووری منداڵەکانم چاوەڕوانی ئەوەم نیە ژیان خۆشیەکم بداتێ بەڵکو بەردەوام چاوەڕوانی مەرگێکم کە نازانم کەی دێ وئەمبا.

من بەم وەزعەوەو بەتێکچونی باری دەرونی خۆمەوە ئەگەر لای کەسێك گلەییەکانی دڵی خۆم هەڵڕێژم، پێم ئەڵێن "شێتە" وپێم پێئەکەنن، جامنیش داوا لە هەرکەسێك ئەکەم کە ئەم چیرۆکە دەخوێنێتەوە "بادوعای مەرگەم بۆ بکات."

---

ساتەکانی بێدەنگی

هەرجارەو کچێك ساتێکی بێدەنگی دەگێڕێتەوە

بێشکان تامیر

کۆلێژی پەروەردە

# هەموو شەوێك لەگەڵ ئازارەکاندا دەنوم

هاوڕێم..

ئەزانم ژیان زۆر جوان وخۆشە وتۆ بەدوای مانا جوانەکانیدا دەگەڕێ یت، بەڵام ژیان هیچ تەوفیرو مانایەکی جوانی بەتۆ نەدا،تەنانەت خەمیشی کردە هاوڕێ ت، ئەزانم خەمەکانت ڕۆمانێکەو هەموو ڕۆژێك لەگەڵیانا ئەژیت وبونەتە بەشێك لە ژیان وجەستەت.

خوشکەکەم ژیان نەیتوانی مانا جوانەکانی بەتۆ ببەخشێ بەڵکو بۆ ئەبەد هاوڕێی تاقانەت خەمە.

پێ ئەچێت ژیان ڕقی لە تۆبێت تۆش لەژیان، بۆیە توشی بێهیوایی کردویت وبەرەو وڵاتی ئاوابوونی خۆزگەکان سەفەری پێکردویت.

هاوڕێم دەزانم تۆ ژیانت زۆر خۆشدەویست، بەڵام ژیان بۆتە لانکەی حەوانەوەی خەمە ساڕێژ نەبوەکانت .. دەزانم هاوڕێم تۆ پڕی لەمانا جوانەکانی ژیان، بەڵام ئەوە مرۆڤەکانن کە دایدەڕنن لەو جوانیانە وگریان دەکەنە هاوڕێ.

ئەزانم ئەوان فێر نەبوون کەژیان بەهای خۆی هەیە،تۆی خۆشەویستی جوانیەکان بەم هەموو ئازارەوە ئەکوژن و لەزەت لە ئازارەکانی تۆدەبەن.

من چەند ڕقم لەو ڕۆژانەیە کە دەم وچاوی خەمبارتم وەك ئاواتە لەبن نەهاتوەکانم دەبینی، چەند ڕقم لەو کاتژمێرانەیە کە تۆ تیایدا هاوڕێی خەم بویت وجوانیەکانت بەخەم دەزانی، چونکە دەمزانی کە ژیان هەڵگری زۆر مانای جوانە، کەهەندێك کەس جوانیەکانی وەك گوڵێکی سور لە یەخەی دونیا دەدەن.

ئازیزم کاتێك ژیان هەموو خۆشیەکانی لەتۆ سەندەوە، ئیتر هیدی هێدی مەلی بێهیوایت فڕی بۆ ئاسمانێکی دوور ،پێ ئەچی وابەئاسانی نەگەڕێتەوە، تۆی دور لە هەموو ئاواز وسەمفۆنیایەکی خۆشی ژیان ژیرکاتەوە.

بەڵام دەبێت خۆت کۆڵ نەدەیت وژیرانە وئازایانە هەنگاوەکانت هەڵگریت و کۆسپەکانی ڕێگات تێك بشکێنیت

هاوڕیم بەئومیدی گەڕانەوەی خەونەکانت ئاشتبونەوەت لەگەڵ ژیاندا .

---

# بە پێی توێژینەوەیەکی دەرچوانی زانکۆی سلێمانی

## ڕێکخراوەکانی ژنان بەرژەوەندی حیزبی دەخەنە پێش ڕەگەزی (مێ)وە.

**ئا: پەیامنێری سلێمانی**

بە پێی ئەنجامی توێژینەوەیەکی دەرچوانی زانکۆی سلێمانی دەردەکەوێ ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لە کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر بەمێ وبەشداری سیاسیان وچەند لایەنێکی تر لە ئاستی پێویستدا نیە.

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە خوێندکار گۆران غەفور ساڵح خوێندکاری دوا قۆناغی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەشی کۆمەڵناسی ئەنجامیداوە، دەرکەوتوە بەرێژەی ٣٦٪ لە بەشداربووان پێیان وایە ڕێکخراوەکانی ژنان بەرژەوەندی حیزبی دەخەنە پێش ڕەگەزی مێ وە تەنها ٢٤٪بە پێچەوانەوە ڕایان هەبووە.

٢٨٪ سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە ڕێکخراوەکانی ژنان ڕۆڵیان هەبووە لە گەیاندنی داخوازیەکانی ئافرەتان بەدەسەڵات، لە بەرامبەردا٦٠٪ بەشداربووان ڕایان وایە ڕێکخراوەکان ڕۆڵیان نەبووە.

زۆرینەی بەشداربووانی ئەم ڕاپرسیە لە نێوان (٢١-٢٥) ساڵیدایەو زۆرینەشیان بەرێژەی ٩٠٪ لە ئافرەتانن وهەموو چین وتوێژەکانی تێدایە ودیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکەش شارۆچکەی چەمچەماڵ ودەورو بەریەتی وئەو ڕێکخراوانەش کە دەکەونە ئەم چوارچێوەیەوە هەریەکە لەڕێکخراوەکانی ( یەکێتی ژنانی کوردستان ویەکێتی ئافرەتانی کوردستان ویەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان وخوشکانی کۆمەڵی ئیسلامی وکۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان وئافرەتانی سۆسیالستی کوردستان)ن.

بەرێژەی ٢٠٪ سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە ڕێکخراوەکان کاریگەریان هەبووە لەسەر گۆڕینی بۆچوونەکانی پیاوان لەبەرامبەر ئافرەتان و٤٨٪ پییان وایە هیچ کاریگەرکیان نەبووە و٣٢٪ پێیان وایە تاڕادەیەك کاریگەریان هەبووە.

توێژەر لە کۆتاییدا گەیشتۆتە چەند ئەنجامێك وپێی وایە کە ڕێکخراوەکانی ژنان درێژکراوەی چالاکی حیزبەکانە وئەندامانی ڕێکخراوەکانی ژنان چالاکی سیاسیان‌نیە هەروەها توێژەر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆڵیان نەبووە لە نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا وپێشی وایە بزوتنەوەو ڕێکخراوەکانی ژنان کاریگەریان نەبووە لەسەر کلتورو دابو نەریتی ناوچەکە.

لە توێژینەوکەدا هاتووە.

چالاکی ڕێکخراوەکانی ژنان بۆتە هۆی دروستکردنی بیرێکی دژ بەرامبەر پیاوان؟

١٦٪ بەڵێ ،٧٢٪ نەخێر، ٢٥ تاڕادەیەك.

ڕێکخراوەکانی ڕۆڵیان هەبووە لە کەمکردنەوەی توند وتیژی بەرامبەر ڕەگەزی مێ؟

٤٦٪ بەڵێ، ١٦٪نەخێر، ٣٨٪ تاڕادەیەك.

چالاکی ڕێکخراوەکانی ژنان درێژکراوەی چالاکی حیزبە؟

٤٤٪بەڵێ، ٢٠٪ نەخێر، ٣٦٪ تاڕادەیەك.

ڕێکخراوەکان بەرژەوەندی مێ دەخەنە پێش بەرژەوەندی حیزبەوە؟

٣٦٪بەڵێ، ٤٠٪نەخێر، ٢٤٪ تاڕادەیەك.

ڕێکخراوەکان ڕۆڵیان هەبووە لە هۆشیار کردنەوەی ژنان دەربارەی مافەکانیان؟

٥٦٪ بەڵێ، ٦٪ نەخێر، ٣٨٪ تاڕادەیەك.

ڕێکخراوەکانی ژنان هاوهەڵویست ویەکدەنگن بەرامبەر مافەکانی ژنان؟

٥٦٪ بەڵێ، ٦٪ نەخێر، ٣٨٪ تاڕادەیەك.

ڕێکخراوەکانی ژنان ڕۆڵیان هەیە لە کاری سیاسیدا؟

٤٢٪ نەخێر، ١٦٪ بەڵێ، ٤٢٪ تاڕادەیەك.

ڕۆڵیان هەبووە لە گەیاندنی داخوازیەکانی ژنان بە دەسەڵات؟

٢٨٪ بەڵی، ١٢٪ نەخێر، ٦٠٪ تاڕادەیەك.

چالاکی وکاری ڕێکخراوەکان باشە؟

٣٢٪ بەڵێ، ٦٪نەخێر، ٦٢ تاڕادەیەك.

گەشبینی بەرامبەر ئاییندەی ڕێکخراوەکان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان؟

٤٨٪ بەڵێ، ١٠٪ نەخێر، ٤٢٪ تاڕادەیەك.

ڕێکخراوەکان کاریگەریان هەبوە لەسەر گۆڕینی بەرژەوەندی پیاوان؟

٢٠٪ بەڵێ، ٣٢٪ نەخێر، ٤٨٪ تاڕادەیەك.

ڕۆڵیان هەبووە لە گۆڕینی کلتورو داب ونەریتی ناوچەکە؟

٢٤٪ بەڵێ، ٤٤٪نەخێر، ٣٢٪ تاڕادەیەك؟

ڕۆڵیان هەبووە لە نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا؟

٣٢٪بەڵێ، ٣٦٪نەخێر، ٣٢٪ تاڕادەیەك.

دەربارەی چالاکبوونی ڕێکخراوەکانی ژنان، ٢٤٪ پێیان وایە دەبێت کاری ڕێکخراوەیی لە کاری حیزبی جیابکرێتەوە، ٣٢ ٪ پییان وایە دەبێت ڕێکخراوەکان هاوکاری یەکتر بکەن، ٤٠٪ پییان وایە دەبێت ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا بەرزبکرێتەوە،٤٪ هۆکاری تر دەڵێن.

بەشدار بووانی ئەم توێژینەوەیە ٩٠٪ ڕەگەزی (مێ)وو ١٠٪ ڕەگەزی (نێرە)، ئاستی خوێندەوارییان لە ئاستی ناوەندیدایە، زۆرینەیان خێزاندارن،باری ئابوریان مام ناوەندیە.

دەرئەنجام

١-ڕێکخراوەکانی ژنان چالاکی سیاسیان نییە.

٢-ڕۆڵیان هەبووە لە کەمکردنەوەی توندو تیژی لەسەر ڕەگەزی مێ.

٣-درێژکراوەی چالاکیەکانی حیزبن.

٤-بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ ناخەنە پێ بەرژەوەندی حیزبەوە.

٥-بەشداری کردنی ژنان لە ناو ڕێکخراوەکاندا لەئاستی پێویستدا نییە .

٦-تا ڕادیەك بونەتە پردێك لە نێوان ژنان ودەسەڵاتدا بۆ گەیاندنی داخوازیەکانی ژنان.

٧-بزوتنەوەو ڕێکخراوەکانی ژنان کاریگەریان نەبووە لەسەر کلتورو داب ونەریتی ناوچەکە.

٨-ڕێکخراوەکان ڕۆڵیان نەبووە لە نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا.

دیاریکردنی سامپڵی توێژینەوەکە (مامۆستا، فەرمانبەر، خوێندکار، ڕۆژنامەنوس، کارمەند، ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ژنان)

ڕێژەی ٢٠٪ سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە ڕێکخراوەکان کاریگەریان هەبووە لەسەر گۆڕینی بۆچونەکانی پیاوان، لەبەرامبەردا ٤٨٪ پێیان وایە هیچ کاریگەریەکیان نەبووە٣٢٪ یش پێیان وایە تاڕادەیەك کاریگەریان هەبووە.

---

# وێنای کچێك لەنابینایی ئاوێنەدا

**داڕشتنی، دەشتی نصرالدین**

ئەمشەو نزاکان چەند تەلیسماوی بەرز ئەبنەوە هەست بە خشپەی پێ یەکانیان ئەکەم، ئەزانم ئەم چرپە بۆ ئەو ئەکات و ئەویش خۆی بە دەسماڵی عەبایەکی گۆنا تەڕ ئەپێچێتەوە وبەبەرد دەرگای ماڵی پیرە "مانگ" گوزەر ئەکات ،ئەهریمەنەکانی ژیان وتەمەنی من چەند بێ باکانە چنگیان لە قوڕگم گیراندو پەڕەی نەستە خوازراوەکانیان چەند بە خێرایی دایە دەستە چڵکنەکانی پایز.

من بە سروشت مرۆڤێکی دووربین وبە هیوام ئاسۆی خەونەکانم هەمیشە بە ئاسمانەوەن ..

لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم کە ئەو کات تەمەنم تەنیا١١ ساڵ بوو، وەك ئەوەی کە لە خەوێك ڕاپەڕیبم مارەییان کردم لە کوڕی خاڵم کە هیچ خۆشم نەئەویست ولەگەڵ ئەندێشەو خەیاڵەکانی مندا هێندەی ئاسمان وڕێسمان نێوانمان بوو.

لە سەرم وەستان تا تەمەنم گەیشتە ١٥ ساڵ و ئەو کاتە تەنگیان پێ هەڵچنیم کە دەبێ شوو بە کوڕەکەی خاڵم بکەم، لە لایەکەوە ماڵەوەمان بە چەندەها جۆر ئازارو ئەشکەنجەی گیانی وجەستەیی تێم بەربوون وکارگەیشتە ئەوەی کە دایکم خۆشەویسترین کەس بوو لەلام قسەی لەگەڵ نەئەکردم، لەولاشەوە ماڵی خاڵم بەهەڕەشەی ئەوەی ژنێکی تر بۆ کوڕەکیان ئەهێنن هەڕەشەیان لێ ئەکردم.

بەم حاڵەوە ڕۆشتم تاتەمەنم گەیشتە ١٧ ساڵ وبەزۆر پەلکێشیان کردمە دادگاو مارەیان کردم..



من ئەوینم لە ناو مەلۆی چاوەکانی ئەودا وشك بۆتەوە وخۆشم ناوێ. ڕۆژی گواستنەوەم هات وئاوڕێکم بۆ دوا دایەوە نەفرەتم لە هەموو عەقڵە مەلعونەکان کرد کە هەناسەیان لە نێو شەختەی بەفری زستاندا مراندم. دوای گواستنەوە ژیانێکی تر لە مەرگ وبونێکی تر لە نەبوون دەستی پێکرد.

هێشتا تەمەنی هاوسەرداریمان چەند مانگێکە. من وەك ئەوەی لەبوونی ئەودا نەبم وایە ودێمەنێکە کە وێناکردنی بەدەستی خۆریش ناکێشرێت، ئەو هیچ ئیلتیزامێکی نیە بەبەها ئەخلاقی وڕۆحی وئاینی یەکان ولەگەڵ چەند کچی تر پەیوەندی هەیەو منیش لەو کاتەوەی بوم باڵام لەباڵای خەم بەرزترەو ڕۆژی سەد جار بەسەر لاشەی مردووی خۆما دێم وئەچم.